# "خەفەکردنی پرسیاری منداڵ، پەروەردەکردنی نەوەیەکی کۆیلەیە"

## کەریم مستەفا، شارەزا لەبواری فەلسەفەی منداڵ بۆ نم نم

**زۆرێک لەو منداڵانەی کە پرسیار لەسەر ژیانو جەستەیان دەکەن، لەلایەن گەورەکانەوە وەڵامێکی ئەوتۆ نادرێنەوەو زۆرجاریش تووشی سەرزەنشت کردن دەبنەوە، هەربۆیە پسپۆڕێکی بواری فەلسەفە پێداگری لەسەر پێویستیی خوێندنی وانەی فەلسەفە لەقۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی دووپات دەکاتەوە.**



کەریم مستەفا لەکاتی گوتنەوەی وانەی فەلسەفە بەمنداڵانی فێرگەی دەلالان لەڕانیە

سازدانی: رابەر کەریم

کەریم مستەفا شارەزا لە بواری فەلسەفەی منداڵو خاوەنی ماڵپەری فەلسەفە بۆ منداڵ لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ نم نم ئاماژە بەوە دەدات کە منداڵ خاوەنی بیرکردنەوەی فەلسەفییەو پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارانەیان بدرێتەوە کە دڵنیابن لەڕاستی وەڵامەکەی، "نابێت وەڵامی پرسیارێکیان بدەینەوە، کە خۆمان هیچی دەربارە نازانین"، هەربۆیە ناوبراو وانەی فەلسەفە لەقۆناغەکانی خوێندندا بەپێویست دەزانێت، چونکە "خوێندنی وانەی فەلسەفە، لەسەرەتای قۆناغی بنەڕەتییەوە، پێداویستییەکی سەردەمو کۆمەڵگەیەکی دیموکراتو ئازادە".

**رابەر: ئایا منداڵ خاوەنی بیرکردنەوەی فەلسەفییە؟**

**کەریم:** سەرەتای بیرکردنەوەی فەلسەفەو فەلسەفاندن بەرامان دەستپێدەکات، منداڵیش بەسروشت خۆی رامانو لێووردبوونەوەی هەیە، کەوابوو بەڵێ منداڵ خاوەنی بیرکردنەوەی فەلسەفییە.

**رابەر: رامانو سەرەتای بیرکردنەوەی فەلسەفی لەلای منداڵ، لەچ تەمەنێکدا سەرهەڵدەدات؟**

**کەریم:** وەک زانای پەروەردەیی سویسری ژان پیاژێ پێیدەڵێت ئاگامەندی منداڵ، بەچوار قۆناغ دیاریدەکات: قۆناغی یەکەم پاڵنەری هەستی کە لەیەک ڕۆژییەوە تا دووساڵییە، لەم قۆناغەدا زانیاری، لەڕێگەی هەستەکانەوە پەیدا دەکرێت (هەستەکانی: بیستن، بینین، چێژ، بەرکەوتن).

قۆناغی دووەم بیرکردنەوەی ئاقڵانیە لەدووساڵەوە تا حەوت ساڵییە، لەم قۆناغەدا منداڵ زانیاری لەمەڕ سیمبول پەیدادەکاتو دەتوانێت سیمبول بەکاربهێنێتو لەسیمبول تێبگات.

قۆناغی سێیەم بیرکردنەوەی بەرجەستەیی لەحەوت ساڵییەوە تا یانزە ساڵی، لەم قۆناغەدا منداڵ زۆر بەرجەستییانە (کۆنکرێتی) بیردەکاتەوە، بەواتایەکی دیکە سەرەتای قۆناغی بیرکردنەوەی لۆجیکیانەی منداڵە.

دوا قۆناغ، قۆناغی بیرکردنەوەی ئەندێشەیی ئەبستراکتە، لەم قۆناغەدا منداڵ ئەندێشە لەبیرکردنەوەدا بەکاردەهێنێتو قۆناغی بەرجەستەیی تێدەپەڕێنێت.

بەبڕوای پیاژێ، ئەم قۆناغانەی بیرکردنەوەی ئاگامەندییانە، بناغەی گەشە یان گۆڕانکاری ڕەوشتییانەی منداڵنو سەرئەنجام منداڵ گۆڕانکارییە ڕەوشتییەکانی بۆ دوو قۆناغ دابەشدەبن:

یەکەم قۆناغ مۆراڵی وابەستە بەدەستەڵات، یان بەزەبر، کە تەمەنی دوو تا چوار ساڵی دەگرێتەوە، لەم قۆناغەدا منداڵ پەیڕەوی لەو ڕەوشتە دەکات کە لەدەرەوی بیرکردنەوەو خواستی خۆیەوە بەسەریدا سەپێنراوە، لەلایەن، باوان، خێزان، بەخێوکەر، یان زارۆخانەوەو خۆی هیچ ڕۆڵێکی لەداڕشتنی ئەم ڕەوشتەدا نییە، تەنها لەترسی سزا یان لەبەر هەبوونی دەسەڵاتی ئەو کەسو لایەنانەی بەسەریدا زاڵە، پەیڕەوی دەکات.

دووەم قۆناغ مۆراڵی سەربەخۆیە، سەربەخۆیانە کە لەچوار ساڵییەوە دەستپێدەکات، لەم قۆناغەدا منداڵ دەکەوێتە بەراوردو هەڵسەنگاندنی کردارو گوتارو هەڵسوکەوتو ڕای خۆی بەرانبەر بەوانیترو ئەگەر دەری نەبڕێت، ئەوا لەلای خۆی گەڵاڵەی دەکاتو ڕەنگە پەرچەکرداریشی بەگوتار یان بەکردار هەبێت.

**رابەر: ئایا پێویستە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی منداڵ بدەینەوە؟**

**کەریم:** وەڵامی ئەم پرسیارە بەڵێو نەخێرە، بەڵێ دەبێت وەڵامی گشت ئەو پرسیارانەیان بدەینەوە کە وەڵامەکانیان دەزانین، یان تاڕادەیەکی زۆر لەڕاستی وەڵامەکان دڵنیاین.

نەخێر، نابێت وەڵامی پرسیارێکیان بدەینەوە، کە خۆمان هیچی دەربارە نازانین، یان لەڕاستی وەڵامەکان دڵنیانین. دەبێت زۆر ڕاشکاوانە بەمنداڵ بڵێین "وەڵامی ئەو پرسیارە نازانم!" وشەی نازانم دوو ڕامان لەلای منداڵ دەخوڵقێنێت، یەکەم، ڕامانێکی نائومێدیانە، چونکە منداڵ پێیوایە گەورە سالان، بەتایبەتی دایکو باوکو مامۆستاکانی، وەڵامی گشت پرسیارێکیان لەلایە. دووەم، ڕامان لەنهێنیو گرنگی پرسیار، ئەمەش والاکردنی دەروازەی ئەندێشەو بیرکردنەوەو گەڕانە بەدوای وەڵامدا.

**رابەر: وتنەوەی وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان لەقوتابخانەکاندا چ ڕۆڵێکی دەبێت لەگەشەی عەقڵیو دەروونی منداڵاندا؟**

**کەریم:** پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: ئەگەر زمان بهێڵێت، سەر ڕەحەتە! بەبڕوای من، ئەم شێوازەی بیرکردنەوە، یەکێکە لەهەرە کلۆڵترین، شێوازەکانی بیرکردنەوە. بەداخەوە، تا هەنوکەش، ئەم ئایدیا چەوتە لەڕژێمی پەروەدەیی ئێمەدا باڵادەستە، تائێستا لەکوردستاندا سیستەمی فێرکاریمان نییە، بەڵکو رژێمی پەروەردەمان هەیە. مرۆڤی ڕەسەن (ڕەسەن بەمەبەستە هایدیگەرییەکەی) نابێت سەری ڕەحەت بێت، دەبێت هەمیشە سوکرات ئاسا سەرقاڵی پرسیارکردن بێت، منداڵ بەگوێرەی دابەشکردنەکەی پیاژێ، لەتەمەنی دووساڵییەوە بەرەو ئاقڵانە بیرکردەوە دەڕواتو لەتەمەنی چوارساڵییەوە بیرکردنەوەی مۆراڵییانەی تێدا دەبزوێت، بۆیە سیستەمی فێرکاری دەبێت وەڵام گۆی ئەم پێداویستیە بێت، خوێندنی وانەی فەلسەفە، لەسەرەتای قۆناغی بنەڕەتییەوە، پێداویستییەکی سەردەمو کۆمەڵگەیەکی دیموکراتو ئازادە.

**رابەر: ماوەیەک ئێوە لەچەند قوتابخانەیەک کە لەلایەن ڕێکخراوی کۆمەکەوە هاوکاری دەکرێت، وانەی فەلسەفەتان وتەوە، پێتانوایە منداڵانی کورد توانای ئەومیان هەبێت کە پرسیاری فەلسەفی بخوڵقێنن؟**

**کەریم:** منداڵ خۆی خاوەنی بیرکردنەوەی فەلسەفییە، منداڵی کوردیش منداڵە، کەواتە منداڵی کوردیش خاوەنی بیرکردنەوەی فەلسفییە.

پێش ئەوەی لەکوردستان، وانەی فەلسەفە بەمنداڵان بڵێمەوە، چەند جارێک لەئۆسلۆ، ساڵی ٢٠٠٧ چوومەتە فێرگەی ئۆرانیەنبۆرگو لەوێ، لەوانەی فەلسەفەدا لەگەڵ منداڵەکان دانیشتوومو گوێم لەگفتوگۆی نێوانیانو مامۆستاکەیان گرتووە. سێ ساڵ دواتر یەکەم وانەم لەفێرگەی بازارگە لەمەخموور وتەوە کە یەکێکە لەو ٥٠ فێرگەیەی، شێوازی سیستەمی فێرکاری کۆمەک پەیڕەودەکەن، ڕێژەی بەشداربوونو ئاستی گفتوگۆکان، لەمەخمور بەرزتربوو لەئۆرانیەنبۆرگ، لەفێرگەی دەلالانیش، لەڕانیە هەمان شێوەبوو.

**رابەر: نیازی ئەوتان هەیە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم وتنەوەی وانەی فەلسفە بۆمنداڵان فراوانتر بکەن لەقوتابخانەکانی کوردستاندا؟**

**کەریم:** چەند جارێک لەبابەتو لەدیدارەکانماندا گرنگی ئەم بابەتەمان بۆ بەرپرسیارانی پەروەردە باسکردووە، لەکابینەی پێشودا لەگەڵ هەردوو وەزیری پەروەردەو خوێندنی باڵا ئەم بابەتەم باسکردووەو ئێستاش بەڕێز سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردە لەم بابەتە ئاگادار کراوتەوە، ئیدی بڕیارەکە لەلای دەسەڵاتدارانی کوردستانە، هەرکات ئەوان ئەم بابەتە بەگرنگ بزانن، ئێمە ئامادەینو لەخزمەتداین.

**رابەر: زۆربەی پرسیارەکانی منداڵانی کورد، سەبارەت بەبوونو جەستەی خۆی وەڵام نادرێنەوەو زۆرجاریش سەرزەنشت دەکرێن لەسەری، ئەمە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر کەسایەتیو بیرکردنەوەی منداڵ؟**

**کەریم:** پرسی ژیانو بوون، هەردەم لەپرسە فەلسەفییە گرنگەکانو منداڵانیش زۆر سەرقاڵی ئەم پرسیارانەنو دەبێت وەڵامیان بدرێتەوە، یان ڕێنمایی بکرێن بۆ پەیداکردنی وەڵام، لەڕێگەی پەیدۆزیکردنەوە (سێرچ). ئەو تابۆکردنەی پرسیارو سەرزەنشتکردنەی تۆ دەیڵێیت، کە ڕەنگە سزادانیشی لەگەڵدابێت! گشتی دەگەڕێتەوە بۆ نامۆدێرنیو لەکارکەوتویی (ڕژێمی پەروەدە). کەسایەتییەک کە پرسیارکەر نەبێت، کەسایەتیەکی کۆیلەیە. خەفەکردنی پرسیاری منداڵ، پەروەردەکردنی نەوەیەکی کۆیلەیە.

# ڕۆڵی خێزان لەبەرهەمهێنانی توندوتیژی لای منداڵ

سەروەر سەعید

خێزان یەکەمین دامەزراوەی کۆمەڵایەتییەو بونیادی یەکەمە بۆپێکهێنانی کەسایەتیو ڕەوشتی منداڵ لەکۆمەڵگادا، هەربۆیە شێوازی ڕەوشتو هەڵسوکەوتی باوان کاریگەرییەکی ڕاستەخۆیان هەیە لەئاراستەکردنی ڕەوشتو هەڵسوکەوتی منداڵەکانیاندا.

دایبابەکان لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا دەتوانن ڕێچکەیەکی تەندروست بگرنەبەر تا ئەو شێوازو هەڵسوکەوتانەی منداڵەکانیان لێییانەوە فێردەبن بتوانن بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی داهاتوویان سوودی لێ ببینن، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو کێشەو گرفتانەی لەنێو خێزانەکاندا ڕوودەداتو بوونی ڕەوشتی خراپو ناپەروەردەییانە لەخێزاندا ڕۆڵدەگێڕێ لەئاراستەکردنی منداڵ بەڕێگەی خراپدا، ئەوەی ئێمە قسەی لەسەردەکەین لەم بابەتەدا ڕۆڵی دایکو باوکە لەبەرهەمهێنانی توندوتیژی لای منداڵەکانیان.

دایکانو باوکان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لەوەرگرتنی ڕەوشتی توندوتیژی لەڕێگەی چاولێکەریو لاسایکرنەوەوە، کاتێ دایکانو باوکان لەبەرچاوی منداڵەکانیان هەڵدەستن بەڕەوشتی شەڕانگێزانە سەرەڕای ئەوەی منداڵەکە نارەحەت دەبێت لەوکارە ئەوا هەڵدەستێ بەلاسایکردنەوەی ئەو ڕەوشتە.

باندۆرا کە زانایەکی دەروونییە وای دەبینێ کە منداڵ لاسایی ئەو نمونە شەڕانگێزانە دەکاتەوە کە پێیان کاریگەرە، نزیکترین کەس منداڵ پێی کاریگەربێت دایکو باوکە دواتریش مامۆستایانو هاوڕێکانە، ئەو نمونە شەڕانگێزانەی منداڵ دەیبینێ ئەوەی فێردەکات کە کەیو چۆن هەڵسوکەوتی شەڕانگێزانە دەکات. لەهەمانکاتدا ئەو کەسانەی کە لەدەوروبەری منداڵەکەن پاڵپشتیو هانی منداڵەکە دەدەن لەسەر ڕەوشتی توندوتیژیو شەڕانگێزی هەلی بۆ دەڕەخسێنن تا پێڕەوی لەتوندوتیژی بکات، جاری وا هەیە کەسوکاری منداڵ دەستخۆشانە لەمنداڵەکانیان دەکەن کە ئازاری کەسێک بدات یان توندوتیژی بنوێنێ، بەم شێوەیە منداڵ فێری ڕەوشتی توندوتیژی دەبێت.

لەلایەکی ترەوە شلەژان لەپەیوەندی خێزانو بوونی گرفتو جیابوونەوە کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنی دەروونی نەوەکانو بەشدار دەبێت لەدەرکەوتنی ڕەوشتی توندوتیژی لای منداڵ، هاوکات دیارنەبوونی باوک بۆماوەیەکی زۆرو غیابی ئەو لەخێزاندا بەهەرهۆیەکی وەک سەفەر زیندان یان مردن تا ڕادەیەک دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوشتی توندوتیژی لای منداڵ.

لەهۆکارە خێزانییەکانی تر کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئەم ڕەوشتە، پەشێوییە لەپەیوەندیی خێزانیدا، ئەگەر ئەم پەیوەندییە لەنێوان باوانو منداڵەکانیاندا بێت یان لەنێوان دایکو باوکدا، ئەمەش دەوەستێتە سەر بنەمای ئەو شەڕو هەرایەی لەبەرچاوی منداڵەکانیاندا دەیکەنو دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ڕەوشتی توندوتیژی لەناو ماڵو لەدەرەوەی ماڵو لەقوتابخانە، هەربۆیە ئەو منداڵەی لەماڵەوە فێری توندوتیژی دەبێت لەشوێنەکانی تردا ئەو ڕەوشتانە دووبارە دەکاتەوە.

ئەو ژینگە خێزانییەی کە پڕە لەهەماهەنگیو خۆشەویستیو گەرموگوڕی لەنێوان ئەندامانی خێزان، دەبێتە دەرفەتێک بۆ گوزارشتکردن لەهەستو توانستەکانی منداڵان بەشێوەیەکی نەرمو نیانو تەندروست، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ پێڕەوی لەڕەوشتێکی باش بکات کە هاندەرە بۆخۆشەویستیو هاوکاریو یەکتری قبوڵکردن، سەرئەنجام ئەم شێوازە لەمامەڵەی دایکو باوک بەشێوەیەکی باش ڕەنگدەداتەوە لەسەر بونیادنانی دەروونی منداڵ بۆ دیاریکردنی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی، بەم پێیەش دەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو لای منداڵ لەگەڵ ئەوانیترو ڕوودانی کارلێکی کۆمەڵایەتی گونجاوو هەماهەنگی لەگەڵ خەڵکانی تردا، هەموو ئەمانەش هاوکاری منداڵ دەکات بۆبەرجەستەکردنی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی باشو بەشداری پێدەکات لەبڕیاردانی خێزانیو هەست بەڕێزگرتنی خود دەکات بەشێوەیەکی باڵا.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامدراوە، ئەو منداڵانەی هەست بەئارامیو سۆزو خۆشەویستی دەکەن لەخێزانەکەیاندا ئەوا دەتوانن پەرە بەپەیوەندی کۆمەڵایەتیەکانیان بدەن لەگەڵ ئەوانیتر، لەهەمان کاتدا هەستکردن بەچالاکیو تێکۆشانیان گەشەدەکات لەقوتابخانەدا، بەڵام ئەو منداڵانەی هەست بەڕقو بێزاری دەکەن لەخێزاندا لەزۆربەی کاتدا هەست بەبێزاری دەکەنو هەڵسوکەوتی شەڕانگێزانە دەکەن.

زۆرێک لەو منداڵانەی خێزانەکانیان لێکترازاونو دایکو باوکیان جیابۆتەوە مەیلێکی توند بۆ تورەبوونو دوورەپەرێزی لایان دەردەکەوێت، لەو جۆرە خێزانانەدا کەململانێو پەشێوی تیایە کاردەکاتە سەر ڕەوشتی منداڵو دەبێتە هۆی تێرنەکردنو نوشوستی زۆرێک لەئارەزووەکانیان، ڕەنگە لەم کاتەدا لاسایی جۆرە هەڵسوکەوتێکی خراپی دایک یان باوک بکەن کە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە دروست نەبێت.

گرفتو کێشەی نێو خێزانەکان هۆکارێکی ڕاستەوخۆیە بۆخراپەکاریو شەڕانیبوونو گۆشەگیری منداڵان، ئەوەی ئەم بارودۆخە خراپتر دەکات ئەوەیە زۆربەی کات لەبەر بێ جێگەو ڕێگەیی زۆربەی شەڕو ئاژاوەکان بەبەرچاوی منداڵەکانیانەوە ڕوودەدەن، منداڵیش لەو شەڕانەوە ئاماژە وەردەگرێتو دواتر لەژیانی خۆیدا پێڕەوی لەو ڕەوشتە نێگەتیڤانە دەکەن کە لەخێزانەکەیەوەوەریگرتووە.

**سەرچاوەکان**


- حسین، د. طه عبدالعظیم، استراتیجیات إداره الغضب والعدوان، الطبعه الاولی، دارالفکر، عمان، ٢٠٠٧.
- مختار، وفیق صفوت، مشکلات الاطفال السلوکیه أسباب والطرق العلاج دار العلم والثقافه، قاهره، ١٩٩٩.